www.kurdistannet.org

29-5-2007 21:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پاولۆ مامۆستایەکی دوور وڵاتم * ... ئیسماعیل عوسمان

esmailhuramani@yahoo. com

پێناچێت مرۆڤ لە ژیانەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری کەسێکەوە، کە لە کردەوەو



ڕەفتارەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا لەزەتێك و شادییەکی تێدا بەدی نەکردبێت.

یان ئەو مامۆستاییەی کەلە ئەزموونی قوتابی بووندا هێندە سوودی لێوەرگرتبێت، لە بیرەوەرییەکانی ژیاندا بەردەوام لە خەیاڵدان و زاکیرەیدا بوونی هەبێت، ئەو مامۆستایەشی نەکردبێتە شوێنی نموونە هێنانەوەی و باسکردن بۆ هاوڕێیان.

خوێندنەوەی نووسینەکانی پاولۆ ناساندنی مرۆڤێکی ناسك و عاریفە، گەر هەرکەسێك بیناسێت، بۆ ساتێك لە نووسین و بەرهەمەکانی بێ ئاگا نابێت.

پاولۆ یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی بەرازیل و لەماڵێك مامناوەند ژیاوەو دایکی ژنی ماڵەوە بووەو باوکیشی ئەندازیار. بەهۆی پیشەکەی باوکییەوە، ماڵی پاولۆ حەز بەوە دەکەن کە کوڕەکەیان ببێتە ئەندازیار، بەڵام ئەم هیوایەی نایەتە دی و پاولۆ لە ئەدەبیاتدا زیاتر نزیك دەبێتەوە.

شکاندنی ئەو نەریتەی کە خێزانەکە بۆی دیاریکردبوو، بووە هۆی ئەوەی کە ئەم مرۆڤە بە نائاسایی وەسف بکەن، بۆ ماوەی چەند جارێکیش لە نەخۆشخانەی دەروونی بیخەوێنن. پاولۆ دوای ئەوەی واز لە خوێندن دێنێت و ڕوو دەکاتە بواری ئەدەبیات، دەبێتە ئەو کەسەی کە لە مێژووی ژیانی خۆیدا توانی جوانترین ئەزموون لە بواری هونەریدا و نووسینی ڕۆمانەکانیدا تۆمار بکات، چەندین خوێنەی جیاواز لە جیهاندا بۆ نوسینەکانی پەیدا بکات، بە هۆی گرنگی و وەرگێڕاون بەرهەمەکانی بۆ چەندین زمانی جیاواز، ببووەتە خاوەن چەند خەڵاتێکی گەورەی ئەدەبی. لەوانەش خەڵاتی (بامبی) کە یەکێکە لە خەڵاتە ئەدەبییە دێرین و خاوەن ڕێزەکانی ئەڵمانیا و هەروەها خەڵاتی (کریستاڵ) لە ئەنجومەنی جیهانی ئابووری وەرگرت.

ئەوەی لەم مامۆستایەدا بەدیدەکرێت جوان ووردبینیەتی بۆ ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە لە هاوڵاتییاندا بەبەردەمیدا تێدەپەڕن و وەك شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت، بەڵام گەورەیی ئەم پیاوە لەوەدایە کە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە دەورووبەرەکەیدا ڕوویداوە بە زمانێکی فەلسەفی و عاریفانەوە گوزارشتیان لێدەکات، وایکردووە کە هەر مرۆڤێك کە بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە هەست بە ناسك و جوانیناسی و وردبینی کارەکان کە بکات ببێتە هۆکار بۆ بوونی بە خوێنەرێکی جیدی شاکارە ئەدەبیەکانی.

ئەوەی کە منی بەم مرۆڤە ناساند و کردمیە دەروێشێکی تەکیەو خانەقاکەی، یەکێك لە هاوڕێیە نزیکەکانی خۆم بوو کە کتێبی (مەکتوب) ی دامی بۆ ئەوەی کە بیخوێنمەوە، بەڵام ئەم کتێبە سەرەتایەك بوو بۆ ئاشنا بووم بە دونیا بینی ئەم پیاوە مەزنە، هەستکردنم بوو بەوەی کە مرۆڤێك هەیە لەم ژیانەدا لەگەڵ شتە بچووکەکاندا مامەڵە دەکات و بەڵام ئەو بە زمانێکی جیاواز دەریدەبڕێت، بەوەش هەستێکی گەورە پیشانی خوێنەرانی بدات. نووسینەکانی پاولۆ هەستی جواناسی و جیهان بینییەکی زۆری لەلا دروست دەکات و کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی بە مرۆڤەکان دەناسێنێت،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کە ئەو کێشانە لە سەرجەم کولتووره جیاوازەکاندا وەك یەکن و بەڵام شێوازی مامەڵە کردن لەناو کۆمەڵگا جیاوازە دەگۆڕێت. پاولۆ لە مەکتوبدا پێدەڵێت کە پێویستە هەموو ئەو کێشانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبیتەوە لە ژیاندا بیرەوەرییەکی جوانت لا دروست دەکات، لە کمییاگەریشدا پێدەڵێت کە ئێمە وەك شوانێکین هەردەم دەگەڕین بەدوای خەونەکانی خۆماندا، لە یانزە خولەکدا کچێك پێدەناسێنێت کە جەستەی خۆی ناناسێت، بیر لەبوونی ئەو جەستەیە دەکاتەوە و بەتایبەت بەشە مێینەکەی ئەو جەستەیەی کە نازانێت کاری چیە؟
لە کەنار ڕووباری پیردراودا دانیشتم و گریانم لەم ڕۆمانەدا پاولۆ لە بارەی جەستە مێینەکەی خۆیەوە دەدوێت.
پاولۆ بە نووسینەکانی دەبێتە میوانی سەرجەم جیهان بەڵام بە شێواز و دەربڕینی جیاواز و سیبیعری زمانی نوسینەکەی بووەتە هۆی بەجیها نیبوونی. ئەوەش وایکردووە کە سەرجەم خوێنەرەکانی لە جیهاندا چێژێکی تایبەتی خۆی پێ ببەخشێت.
بۆیە چەندە سوودم لەو مامۆستایە بینی کە لەسەر تەختە ڕەشەکانی قوتابخانەو بە هەوڵە بێوچانەکانی فێری ئەلف و بێ زمانی کردم، ئەو مامۆستایەش کە لەوانەکانی بیرکاریش فێری جەبرەکانی ژیانی کردم. بەڵام پاولۆ کۆیلۆ فێری جوانناسی و خەمەکان و کێشەکانی چینە هەژارەکانی کردم، پێی وتم کە "عەشق لەهەر کوێ بێت، هەقیقەت لەوێیە".

*پاولۆ کۆیلۆ ڕۆمانووسێکی، بەناوبانگی بەڕازیلە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.